# ياد كردنەوەی ئەنفال و هەڵبجە لە كەنەدا

**وتەی گۆران عەبدوالله**

**ئامادەبووانی بەڕێز**

**بە ناوی سایتی دەنگەكان و هەموو ئەو برادەرانەی بۆ گێڕانی ئەم كۆبوونەوەیە هاریكاریان كردین بە خێرهاتنێكی گەرمتان دەكەم .**

**ئیمرۆ لێرە ، لە ژێر سێبەری ڕێز لە قامەتی 182 هەزار گیان ، دەمانەوێ سەرەتایەكی تازە لە كاركردن ، متمانەیەكی تازە بە خۆمان و بە كارێك كە لە دەستمان دێ دەست پێ بكەین .**

**ئیمرۆ لێرە سەدای 17 ساڵی عومری كارەساتێكی گەورە هەر دەنگ دەداتەوە ، تراژیدیایەكی گەورەی دوێنێ ، برینێكی تەڕی هەتا ئەمرۆ ، هانامان بۆ دێنێ ، سۆزو هاوخەمی ئەو هەموو گیانە دەست لە ملمان دەكا و لە چوار دیواری ئەم هۆڵە كۆمان دەكاتەوە ،**

**ئێمە لێرەین ، بۆ ئەوەی دوور لە بەرژەوەندی حیزبەكان و دەسەڵاتەكان ، دوور لە جوینەوەی كەف و كوڵی تیژ ڕەوی دام و دەزگای ڕاگەیاندنەكان ، هاتووین زۆر بە سادەیی دەمانەوێ بۆ نزیك بوونەوە لە ئەنفال ، لە قوربانیەكان ، لە كەس و كارەكانیان ، دەست بخەینە دەستی یەكتر، هەتا بتوانین سەرەتاو كارێكی سادە و دڵسۆز ، لە ئاستی ئەم كارەساتە گەورەیە دەست پێ بكەین . ئێمە لێرەین ، بۆ دەست كەوتنی ئامانجێكی هاوشان لە گەڵ ئەم كارەساتە ، پرسیار و وەڵامی تازە بوروژێنین ، پرسیار لەوەی ئێمە چۆن دەتوانین دەستێكی سپی و بە سودتر بۆ ئەم كێشەیە درێژ بكەین ؟ چۆن دەتوانین بە سەر پلیكانەی وەڵامێكی عەمەلی و مومكیندا هەنگاو بنێین ، من بە دڵنیایەوە دەڵێم لە پاڵ ئەو دڵسۆزی و هەوڵانەی تا ئێستا كراوە ، هێشتا زۆر شت ماوە دەستی بۆ نەبراوەو هەمووومان بە یەكەوە دەتوانین و لە دەستمان دێ بیكەین .**

**بەڕێزان ، لە فەرهەنگی فاشیزم لە عێراقدا ، بە ئیلهام وەرگرتن لە خەرمانی خوێن و لە مێژووی دین و شمشێر ، ناویان لە سڕینەوەی میللەتێك نا ئەنفال ، ئێمە بێجگە لە جینۆساید ناتوانین هیچ ناوێكی تری لێ بنێین ، ئێمە بێجگە لە 182 هەزار گیانی لە دەست چوو ، بێجگە لە هێشتنەوەی برینێكی گەورە بە كراوەیی ، بێجگە لە ژیانێكی خوارتر لە هەژاری كەس و كاری قوربانیەكان هیچی تر نابینین ، بێجگە لە هۆی مانەوەی ئایدەلۆژی فاشیزم بە دەست لێ نەدراوی ، لە شادەماری حیزبە عەرەبیە قەومیەكانی دوای ڕوخانی دەسەڵاتی بەعس ، كەسێك هەیە داوەری بكاو ڕووی هەبێ پاكانەیەك بكا ؟ حیزبێكی دەسەڵاتیان هەیە بڵێ ئەنفال جینۆسایدی میللەتی كورد بوو ؟ ئەوان نایكەن چونكە بەیانی خۆشیان بۆ دەست وەشاندنێكی تر لە خەباتی خەڵكی كوردستان ، دڵنیا نین پەنا بۆ ناوی كام ئایەتی تر دەبەن ؟!**

**ئێمە لێرەین ، چونكە جینۆسایدی كورد لەئاستی نێو نەتەوەیدا لە ئیعترافیكی نێو دەوڵەتی بەهرەمەند نیە ، بەڵكو بە پێچەوانەوەش لە سەردەمی ڕوودانیەوە سەبارەت بە یاسا نێو دەوڵەتیەكان تەنیا و تەنیا بێ دەنگی بەركەوتوە ، ئەمە بۆ خۆی مەیدانێكی گەورەی كاركردنە و لێرەوە دەتوانین لە دەرگا بدەین ، هەروەكو چۆن خەڵكانێكی دڵسۆز لە 17 ساڵی ڕابردوو ئەوانیش بە كتێب ، بە ڕاگرتنی دۆكۆمێنت ، بە دامەزراندنی ڕێكخراو ، بە ووتار بە شیعر لە دەرگاو گەمارۆی ئەم بێ دەنگیەیان دەدا ، ئێمەش ئەمرۆ لێرە لە پاڵ هەموو ئەو دڵسۆزیەی كراوە ، وەكو سایتی دەنگەكان دەمانەوێ بە هلوكاری ئێوە بۆ هەمان ئامانج دەست بۆ پرۆژەیەكی تر ببەین.**

**بەڕێزان ، لەو سەردەمەدا لە باری تەكنیكیەوە ئاسانكاریەكی زۆر لە بەر دەستە كە دەتوانین دەستی بۆ ببەین ، ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی و ئینتەرنێت ، یاسا نێو دەوڵەتیەكان و ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ ، هەموو ئەوانە ئەو مەیدانانەن كە دەكرێ سوودی لێ ببینین ، پرۆژەیەك كە ئێمە لە ژێر سایەی ئەمانەی ووتمان دەستی پێ بكەین بریتیە لە سەنتەركردن ، بیرۆكەی ئەم سەنتەر كردنە لە ئەزموونی ئەو ئەرمەنیانەی ئەمریكاو كەنەدا وەرمان گرتووە كە دوای خەباتێكی دوورو درێژ توانیان ئیعتیرافی یاسایی هەردوو حكومەتی ئەمریكاو كەنەدا بە جینۆسایدی ئەرمەنیەكان بە دەست بهێنن ، ئەوان بە ئەزموونی**

خۆیان توانیان توانا جیاجیاکان کۆبکەنەوە کاری پێ بکەن ، ئەمە ئەو شێوە کار کردنەیە کە هەموو بە یەکەوە دەتوانین بە سەرکەوتنی بگەیەنین ، ئێمە لەو بڕوایەن کە خەبات بۆ باش کردنی ژیان و گوزەرانی کەسو کاری قوربانیەکان لە کوردستان و سەپاندن و قەرەبووی مادی بەسەر حکومەتی تازەی عێراق ، هاوجووتە لە گەڵ خەباتێکی گەورەتر لە ئاست* نێو نەتەوەیی بۆ سەپاندنی ئیعتیرافی یاسایی و نێو دەوڵەتی .

بەڕێزان ، بۆ خزمەت بە ئامانجی ئەم سەنتەر کردنە ، ئێمە وەکو دەنگەکان ڕای دەگەیەنین ، کە ئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا ، سایتێکی تایبەت بە جینۆساید کردنی کورد دائەمەزرێنین ، سایتێك کە لە هەوڵی ئەوە دەبین لە پەڕە کاغەزێکەوە بگرە تا دەگاتە گەورەترین دۆکۆمێنتی جینۆسایدی کوردی لێ دابنێین ، لە هەوڵی ئەوە دەبین بە یارمەتی دڵسۆزانی وەکو ئێوە بیکەین بە سەنتەرێکی نێونەتەوەیی و بە دانانی ستراتیژێکی عەمەلی کارکردن بتوانین لە ئاستی نێونەتەوەیدا دەسکەوت بە دەست بهێنین ،

بەڕێزان ، ئەمڕۆ سەرەڕای پیرۆزی گیانی هەموو قوربانیانی ئەم جینۆسایدە ، بەڵام چی تر ڕۆژی ئەوە نیە تازیەباربین ، ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە بە خوێندنەوەیەکی تازەی سەردەم دەست بە کاربین ، دەبێ چاوێکمان لە ڕۆژمێرەکانی ماڵمان و دەستێکمان لە سەر کیبۆردی کۆمپیوتەرەکانمان بێ ، یەکێکمان لە پەرلەمانی ئۆتاوا گوێگرێك بدۆزێتەوەو بیدوێنێ ، یەکێکی ترمان لە ئەمنیستی ئەنترناشیۆناڵ بە شوێن زیندوو کردنەوەی کێشەکە بە سندووق دۆکۆمێنتی تازە بە سەریان ببارێنێ ، یەکێکمان ئەرشیف ڕێك بخاو ، ئەوەی ترمان لە کوردستان لە قوشتەپە و لە خانووە بۆرەکانی سموود ، بە کامێرای سەر شانی خێزانی قوربانیەکان بهێنێتە قسەو دۆکۆمێنتەکان تازە بکاتەوە ، ڕۆژ ڕۆژی ئەوەیە هەر یەك لە ئێمە چکەیەك لە ژیانی خۆمان تەرخان بکەین بۆ 182 هەزار گیان .

ڕسوابێ فاشیزم و تاوانباران ، بەرز و بەڕێز بێ گیانی قوربانیان

سوپاستان دەکەم .